# کاریگەریی ڕێنووس لە گۆڕینی واتا لە زمانی کوردیدا

نێچیروان جاسم

ڕێنووس (Orthography) وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراوە. پێشاندەری قۆناغی پەرەسەندن و گەشەسەندنی زمانە، چونکە زۆر زمان هەن تەنیا قسەیان پێ دەکرێ و قاڵبی نووسینیان بەخۆوە نەگرتووە. ڕێنووس واتای ئەوە دەگەیەنێ زمان تەنیا لە باری ئاخاوتن و گفتوگۆ و قسەکردن و گێڕانەوەی زارەکی باوان بۆ نەوەکان نەماوەتەوە و بەرەو قۆناغی نووسین و تۆمارکردن چوو بێت، ئەمەش واتە نەوە لەدوای نەوە سوود لە بەرهەمی نووسراوی ئەو زمانە وەردەگرن و دەبێتە سامانێکی نەتەوایەتی و کەمتر گۆڕانکاریی زەمەن کاری تێ دەکات. دیارە ڕێنووس هۆکارێکی گرنگی ئاسانکاری خوێندنەوە و نووسینە. کرداری خوێندنەوەش بەمەبەستی گەیشتنە بە ناوەڕۆک و مەغزای نووسین و لەوەی نووسەر ویستوویەتی چ پەیامێک بگەیەنێ.

پرۆسەی خوێندنەوە، ڕاهاتن و چالاکییەکی یەکبینە و بەجۆرێک خوێنەر بە بینینی پیت، یان پەیڤ دەنگەکانی زمانی بیر دەکەوێتەوە و ئەو دەنگانەش واتای وشەکانی بیر دەخەنەوە، بەمەش واتای نووسینەکە بە خوێنەر دەگات و خوێنەر لە مەبەستی نووسەر دەگات.

دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین هیچ زمانێک نییە کێشە و گرفتی ڕێنووسی نەبێ، جا با ئەو زمانەش زۆر خزمەت کرابێ و فەرهەنگی وشەی دەوڵەمەند و ژمارەی ئاخێوەری زۆر بێ، ئەمە واتای ئەوە نییە ئەو زمانە لە گرفت و کێشەی ڕێنووس بێ بەری بێ، هەروەها دەبێ ئاماژەش بەوە بکەین ئەلفوبێی زمان پێوەندی بە خودی زمانەکەوە نییە، بەڵکو ڕێکەوتنی ئاخێوەران وای کردووە ئەلفوبێیەک، یان زیاتر بۆ وێنەی دەنگەکانی زمانەکەیان

هەڵبژێرن. ئەو ئەلفوبێیانەی زمانیش زۆرینەیان تەنیا تایبەت نین بە تاکە زمانێ، بەڵکو لە زمانانی تر وەرگیراون، تا ڕادەیەکیش هیچ زمانێک نییە ڕێنووسێکی یەکگرتووی هەبێ و لای هەموو ئاخێوەرێکی ئەو زمانە وشەکان وەک یەک و بە یەک چەشن بنووسرێن.

کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەدا، کاتێ تەماشای ڕێنووسی زمانی کوردی دەکەین (ڕێنووسی زمانی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، ئارامیی) تێبینی ئەوە دەکەین هەرچەندە ئەم ڕێنووسەی ئێستا چەندان ساڵە پێی دەنووسرێ و گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتووە و قۆناغی زۆری بڕیوە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەوڵانەشی بۆ بە یەکگرتووکردنی ڕێنووسی کوردی دراون، کەچی هێشتا ڕێنووسێکی یەکگرتوو و ستانداردمان نییە. ئەم یەکنەبوون و یەکگرتوونەبوونەی ڕێنووسیش مانای ئەوە نییە هەر کەس و نووسەر و دەزگا و ناوەند و کەناڵی میدیایی و ...تاد چۆنی ویست بنووسێ و بە ئارەزووی خۆی وێنە بۆ دەنگەکان بکێشێ.ئاشکرایە لەڕووی لێکدان و پێکەوەنووسینی وشە و زاراوە و دەستەواژەکان هەست بەوە دەکرێ یەکگرتوویی لە ڕێنووسی کوردیدا نییە، بەڵام ئەوەی زیاتر گرفتی بۆ تێگەیشتن و گەیاندنی پەیامی نووسین و مەبەستی نووسەر دروست کردووە لە نووسینی گرێ و ڕستەکاندایە. یەکێ لەو کێشانەی لە نووسینی کوردیدا دەبێتە هۆی ناڕوونی لە واتادا، پێوەندی بە (ی)ـەوە هەیە وەک پیت و وەک ئامرازی دانەپاڵ، ئەمەش لە چەند بارێکدا:

**١- نەنووسینی (ی)ی ئیزافە لە گرێ و ڕستەدا:** لە کاتێکدا ئەگەر وشە بە (ی) کۆتایی هاتبوو، ئەمەش دەبێتە هۆی لێڵی لە مانادا، وەک:

کوردی باشوور-کوردیی باشوور، ڕۆشنبیری کورد-ڕۆشنبیریی کورد ...تاد.

لەو نموونانەدا دەبینین ئەوەی واتای گرێیەکانی لەیەکتر جودا کردووەتەوە (ی) ی ئیزافەیە، چونکە (زمانی کوردی لە باشووری کوردستان لەگەڵ تاکی کورد لە باشووری کوردستان لە یەکتر جیاوازن)، دیسانەوە (المثقف الكوردي) زۆر جیایە لە (الثقافة الكوردية). ئەم نەنووسینی (ی)ی ئیزافەیە بەبیانووی ئەوەی گوایە وشەکەی پێشی بە پیتی (ی) کۆتایی هاتووە و پێویست ناکات بنووسرێ بۆچوونێکی ڕاستودروست نییە، لەبەرئەوەی جیاوازیی لەنێوان (ی) و پیتەکانی تردا نییە. بۆ لەوانی تر بنووسرێ؟ بۆ لە (ی)دا نەنووسرێ؟ بۆ نموونە بۆ بنووسین قوتابی زانکۆ؟ بۆ نەنووسین قوتابیی زانکۆ؟ باشە ئەگەر لەبری وشەی قوتابی وشەی فێرخواز، یان خوێندکار بەکاربهێنین، ئایا لەوکاتەدا (فێرخواز زانکۆ)، یان (خوێندکار زانکۆ) دروست و ڕێزمانییە؟

یەکێکی تر لەو دەربڕین و دەستەواژانەی دەمێکە مشتومڕی لەسەر دەکرێ و بە هەڵە دادەنرێ دەستەواژەی (جەنگی جیهانیی یەکەم، یان جەنگی جیهانیی دووەم)ـە، گوایە لەڕووی لۆجیکەوە ڕاست نییە، چونکە تەنیا یەک جیهان هەیە و زیاتر نییە، ئەمە ڕاستە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەگەر لەو دەستەواژەیە ورد بینەوە، سەرنج دەدەین ئەوەی تێگەیشتنی ئاڵۆز کردووە و وای کردووە بە نالۆجیکی دابنرێ، مەسەلەی چۆنیەتی نووسینی دەستەواژەکەیە، دەنا بۆ ئەگەر بڵێین: (جەنگی جیهانی) هیچ کێشە و گرفتی تێدا نییە، بەڵام کە وشەی یەکەم و دووەممان دایەپاڵی، ئەوکات نالۆجیکی دەبێ؟! لێرەدا ڕێنووس ڕۆڵی خۆی دەبینێت بۆ ڕەواندنەوەی لێڵی لە تێنەگەیشتن، ئەویش بە نووسین و فەرامۆش نەکردنی (ی)ی ئیزافەی دوای وشەی (جیهانی) و بەم جۆرە بنووسرێ: جەنگی جیهانیی یەکەم، جەنگی جیهانیی دووەم.

دیسان نووسینی (ی)ی ئیزافە وای کردووە هەندێ وشەی بێگانەش لە زمانەکەماندا لە ڕووی واتاوە بشێوێنین، یەکێ لەو وشانەش (پارتی- Party)ـە، کە یەکێ لە واتا سەرەکییەکانی بەواتای (حزب، کۆمەڵی سیاسی...تاد) دێت، بەڵام لە ڕێنووسی کوردیدا لە باری گرێدا (ی)ی کۆتایی وشەکە بووەتە (ی)ی ئیزافە و بەهۆی ئەوەی (ی)ی ئیزافە نانووسین و وشەکە لامان بووەتە (پارت-part) کە بە واتای (پارچە، بەش، پشک، پاژ...تاد) دێت و وەک ئەوەی زۆرجاریش دەگوترێت پارتە کوردییەکان، پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن...تاد. ئەمەش لە ڕووی واتاوە هەڵەیە و (پارتی) و (پارت) لەڕووی مانا و بواری بەکارهێنانەوە مانایان لە یەکتر جیایە، بۆیە وا پێویستە لە باری گرێدا و کاتێ وشەیەکی تر دەدرێتە پاڵ وشەی پارتی، ئەوە لە دوای وشەی پارتی (ی)ی ئیزافە بنووسرێ.

**٢- لە باری گـەردانکردنی کـاردا:** ئەو چاوگـانەی قـــەدەکـــەیان بە (ی) کــۆتـایی هاتووە لـە باری گەردانکردن(ی)ی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک و یەکەمی کۆ لە دەستـەی دووەمی جێناوەکان نانووسرێ، ئەمـەش دیسـانەوە دەبێـتـە هۆی ئاڵۆزکـردنی واتا و شـێـواندنی جـێناوە لکاوەکـە، وەک لە چاوگی تەقین، فـڕین، تەزین، ژین...تاد هاتووە، ئەوە دەبێت لە کـەسی دووەمی تاکدا بنووسرێ: تەقیی، فڕیی، تەزیی، دەژیی. بۆ کـەسی یەکـەمی کـۆش بنووسـرێ: تەقـیین، فـڕیین، تەزیین، دەژیین.

**٣- بۆ جیـاکـردنەوەی ناوی واتایی و فـۆڕمی ڕسـتـە:** لێـرەدا بۆ نموونە وشـەکـانی وەک: جـوانی، ئازادی، خۆشەویستی...تاد بەتەنیا بێ ئەوەی لەناو ڕستە و لە چوارچێوەی سیاقدا بن، نازانرێت ئایا مەبەست لێیان فۆڕمی ڕستەیە، کە بەم شێوەیە: تۆ جوانی، تۆ ئازادی، تۆ خـۆشـەویسـتی...تاد، یان مـەبەست لێـیـان بەکـارهێنانی: جـوانی، ئازادی، خۆشـەویسـتی...تاد، وەک ناوی واتاییـیـە؟ لەبەرئەوە بۆ ئەوەی لەگـەڵ فۆڕمەکانی: تۆ جوانی، ئازادی، تۆ خۆشەویستی...تاد، جـیـا بکرێنەوە و وەک ناوی واتایی دەر بکەون لای هەندێ نووسـەر و لێکۆڵەر (ی)ی کـۆتایی کـراوەتە دوو (ی) بەم جۆرە: جوانیی، ئازادیی، خۆشەویستیی...تاد، بەڵام نووسـینی دوو (ی) لە کـۆتایی وشـەدا بێ ئەوەی (ی)ی دووەم ئیزافە بێ و بێ ئەوەی ئەو وشانەش پیتی پێش (ی)ـەکـە پیـتی (ە، ا) بن، تا پێـویسـتـیی دەنگسـازی وا بکات بەشـێـوەی دوو (ی) بنووسـرێ، وەک: دوایی، کـۆتایی، ڕانیـەیی، سنەیی...تاد، لای ژمـارەیەکی کـەمی نووسـەر و لێکۆڵـەر پەیڕەو دەکـرێ بۆ جیاکردنەوەی لە فۆڕمی ڕستەیی ئەو وشانە. پێویستە بۆ ڕوونبوونەوەی واتای تەواوەتی ئەو وشانە وا دەخوازێ لە ڕستە و سیاقدا واتایان ڕوون بکرێنەوە.

کـەواتە لە کـۆتاییـدا دەکـرێ ئامـاژە بەوە بکەین لە هەندێ کاتدا ڕێنووس هۆکارێکە بۆ نەهێشتنی ئاڵۆزی لە تێگەیشتنی مـانای نووسین و مـەبەسـتی نووسـەر، بۆیە نووسـینی مـانا ڕوون و دوور لە ئاڵۆزی وا دەخـوازێ بەجـۆرێک بنووسـرێ لەگـەڵ یەکـەم خـوێندنەوەدا واتا بەدەسـتـەوە بدات و ئاڵۆزی لە بیـری خـوێنەر دروست نەکات.